# نازدار
# بەنیازم بۆ ئاهەنگەک
# بگەڕێمەوە بـ

**نـــازدار دانیشـــتووی وڵاتی ئەڵمانیایـــەو ئێســـتا بەداوەتی کۆنگرەی ١٣پارتی گەڕاوەتەوە کوردســـتان، لەدیمانەیـــەک لەگەڵ گۆفـــاری گوڵان باس**

ئا: ڕۆشـــنە

**هاتنەوەی ئەمجارەم تایبەت بوو بەکۆنگرەی پارتی**

نازدار دەڵێـــت، هاتنەوەی ئەمجارەم بۆ کوردســـتان تایبەت بوو بە کۆنگرەی 13پارتـــی دیموکراتی کوردســـتان. هەروەهـــا بەنیازم بۆ ســـەری ســـاڵ بگەڕێمەوە بۆ چەند ئاهەنگێک.

**هەستم زۆرخۆش بوو کاتێک گۆرانیم وت**

نـــازدار دەڵێـــت، کەســـی زۆر گەورە دانیشـــتبوون لەکۆنگرە بەڕاستی زۆر دڵخۆشـــبووم کە توانیم بـــە هونەری خۆم بەشـــداری بکەم، هەستێکی زۆر خۆشم هەبوو کاتێک گۆرانیم وت، چونکە بۆ مەبەستێکی گرنگ گۆرانیم وت.

**بڵێی و نەڵێی هونەرمەند هەرلەنێو سیاسەتە**

نازدار لەبـــارەی ئەوەی لەگەڵ سیاســـەت چۆنە، وتـــی: بڵێی و نەڵێی هونەرمەند هەر لەنێو سیاسەت دەژی، ڕۆژانە سەیری هەواڵی سیاســـی دەکـــەم لەســـایتەکان، چونکە من خەڵکی شـــوێنێکی ژێردەست کراوم و ڕەوشی سیاســـی ئەم شوێنە ناڵەبارە تاکو ئێستا، هەر بۆیەشە لەوڵاتی ئەڵمانیا دەژین.

**لەبەر ڕەوشی کوردایەتی باوکم سێ ساڵ لە زیندان بوو**

نازدار دەڵێت، تەمەنم چوارســـاڵ بوو کاتێک چووینـــە ئەڵمانیا، چونکە ئەوکات ڕەوشـــی جزیری بۆتـــان زۆرناخۆش بـــوو. باوکمیان بۆماوەی ســـێ ســـاڵ لەزیندان کرد، ئەوەش ناخۆشترین شت بوو لەژیانی ئێمەدا.

**تەمەنم شەش ساڵ بوو کاتێک چوومە سەر تەختی شانۆ**

نـــازدار بـــاس لـــەوەدەکات و دەڵێ یەکەمجار کەچوومە تەختی شانۆ، تەمەنم شەش ســـاڵ بوو گۆرانی منداڵانم وت. کاتێک گۆرانیەکەم وت خەڵك دەنگی منیان زۆر پێخۆش بـــوو، باوکم وتی نازدار بـــۆ بەردەوام نابێـــت لەگۆرانی وتن. سەرەتا گۆرانی فۆلکلۆر بڵێ، چونکە گەر فێـــری گۆرانی فۆلکلۆر بی، فێری ئەوانی تر هەر دەبی.

**هەر بەردەوام دەبم لەگۆرانی فۆلکلۆر**

نازدار پێیوایە خۆشـــترین گۆرانی لای ئەو فۆلکلـــۆرە. دەڵێت گـــوێ لەگۆرانیەکانی تریش دەگرم، حەزدەکەم بەهەموو ستایلێکیش گۆرانی بڵێم، بەڵام هەربەردەوام دەبم لە وتنی گۆرانی فۆلکلۆر.

**لەکوردستان کامێرای سینەمایی نییە**

نازدار ئەوەد خاتـــەڕوو کە کامێراو تەکنیکی باش لە کوردستان نییە. بۆیەکلیپی "ملیوڤان"م لەتورکیـــا ئەنجام دا، بەڵام ســـەرکەوتنێکی باشی بەدەســـت هێنا. تا منداڵانیش سەیریان دەکرد حەزیان لەم گۆرانیە دەکرد.

**گۆرانی "یێمرادێ"م کلیپ کردووە**

نازدار، لەبارەی دواین کاری دەڵێت، گۆرانی "یێمرادێ"م کلیپکـــردووە، هەمان دەرهێنەری "میلوڤـــان" کاری بۆکردووەو لەشـــاری ئەڵمانیا وێنەی گیراوە.

**بەرهەمی داهاتووم نازانم لەکوێ ئەنجام دەدەم**

نازدار، لەبارەی بەرهەمی داهاتووی لەکوێ ئەنجام دەدات وتی، نازانم بەرهەمی داهاتووم لەکـــوێ ئەنجـــام دەدەم، چونکـــە حەزدەکەم هەمیـــش لەگـــەڵ داهێنان بم بـــە هەموو شـــێوەیەک گۆرانی بڵێم تەنیا لەســـەر یەک ســـتایل نەبم، چونکە گەر لەسەر یەك ستایل



بڕۆم، سەرکەتوو نابم. کاری بەرهەمهێنانی سیدی کارێکی ئاسان نییە.

**هیچ کاتێك بەخۆم ناڵێم دەنگم خۆشە و جوانم**

نازدار، لەبارەی ئەوەی وتیەتی من کەسێکی ئێسك سوك و دەنگ خۆشم دەڵێت" هیچ کاتێك قسەی وام نەکردووە، چونکە لەباکووری کوردستان زۆر عەیبە کەسێك بەخۆی مەدحی خۆی بکات. پێویستیشم بەوە نییە خۆم بڵێم من کەسێکی جوانم و دەنگ خۆشم.

**ئەگەر ئەو گۆڤارە داوای لێبوردن نەکا**
**داوای یاسایی تۆماردەکەم لەسەریان**

نازدار دەڵێت،ئەو گۆڤارەی (....) پێش هاتنەوەم دیمانەیەکی منیان بڵاو کردۆتەوە کە دوورە لەراستی، چونکە ماوەیەکی زۆرە دیمانەم نەکردووە. لەم دیمانەدایە کۆمەڵێك قسەی نەشیاو باس کراوە کە گوایە "من لەبەرپیاو، واز لەگۆرانی وتن دەهێنم و هەروەها شوو بە هەرکوڕە کوردێك دەکەم ئەگەر شوانیش بێت" بەڕاستی من لەم قسانە هیچ ئاگادار نیم. قسەم لەگەڵ ئەو گۆڤارە نەکردووە تاکو باسی شتی وابکەم. گەر دیمانە بکەم گۆڤارەکە باش نەبێت سیقەشم بە نووسەرەکە نەبێت، دیمانە ناکەم. چەند جارێکیش برادەرێك لەلایەن منەوە پێوەندی بەو گۆڤارەوە کردووە لەسەر ئەم بابەتە، بەڵام تاکوئێستا وەڵامیان نەدایمەوە. گەر داوای لێبوردن نەکەن و پێ لەهەڵەی خۆیان نەنێن، ناچارم داوای یاساییان لەسەر تۆماربکەم.

**کابانێکی باش و کەسێکی ئاساییە**

نازدار دەڵێت، لەگەڵ کابانی ناوماڵ زۆرباشم و هەموو جۆرە چێشتێك دەزانم ئامادەبکەم، هەروەها نازدار ئەودەخاتەڕوو کە کەسێکی زۆر ئاساییە لەژیانی رۆژانەیدا، هەروەك هەموو کەسێك بەیانیان کاتژمێر شەش و نیو لەخەو هەڵدەستێ دەچێتە دەوام تاچواری ئێوارە شەوانەش دەخوێنێت.

**ئەندام نییم لە فەیسبووك**

نازدار ئەوەشی روونکردەوە کە تائێستا ئەندام نییە لە فەیسبووك، لە هەمانکاتدا سوپاسی ئەوکەسەی کرد کە لەفەیسبووك شت بەناوی ئەوەوە بڵاو دەکاتەوە و بەردەوام سەیریان دەکات.



# ـانی سەری ساڵیش
# ـۆ کوردستان

**لەگەڕانەوەی ئەمجارەی دەکات و هەورووەها دەڵێت کۆمەڵێك شت بەناوی منەوە بڵاو کراوەتەوە لە گۆڤار و رۆژنامەکان کە دوورن لەراستی.**

**فۆتۆ: کەمال ئاکرەیی**

## لە (بنکەی مەقامەوە):

# دەرئەنجامی فەرمی پێشبڕکێی بەهرەمەندانی حەیران




ڕێکەوتـــی 12.8.2010. لــە هۆڵی پێشـــەوای شـــاری هەولێر،لە میانـــەی ڕێورەســـمی ڕێزلێنانـــی بەهرەمەندانی حەیـــران دەرئەنجامی کۆتایی ڕاگەیێنـــدرا، ( تۆنی پاك، هەناســـەوئەداکردن، دەنگ خۆشی، دەق و ڕێســـاکانی حەیران) ئەو بنەما هونەرییانـــە بوون کـــە (بنکەی مەقام) ولیژنەی هونەری بۆ دەستنیشانکردنی براوەکان دایاننابوون، دەرئەنجامیش **بەم شێوەیەبوو: سێیەمی پێشبڕکێکە** **بەهرەمەند (دڵشاد تۆفیق مستەفا)** بە کۆکردنەوەی (71) حەفتاویەك نمرە، دووەمی پێشبڕکێکە بەهرەمەند **(ڕێبین ئەسعەد نوری)**بەکۆکردنەوەی (74) حەفتاوچوار نمرە

یەکەمی پێشـــبڕکێکە بـــەر هەردوو بەهرەمەند **(هێمن مەغدیدرەحمان ودانا تاهیرکەریم)** کەوت کە هەردوو بەهرەمەند یەکســـان بوون لە کۆکردنەوەی نمرەکانیان کە (80) هەشـــتا نمرە بـــوو، درێژەی ئەم بابەتە لە سایتی میدیا گوڵان بخوێننەوە



## بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدات لە کهول دوور بکەوێتەوە

ئەســـتێرەی ئەمریکـــی برۆك مویلەر لە هەوڵێکی بێوچاندایە بۆ ئەوەی لە کهـــول و مادده هۆشـــبەرەکان رزگاری بێت بۆ ئەو مەبەستەش رووی لە ناوەندێکی چارەسەر کردن ناوە تاکو لە هەموو سەرچاوەیەکی مادده هۆشبەرەکان و کهول دووربکەوێتەوە.

لەم بارەیـــەوە مویلـــەر وتی: پێویستم بە هەوڵێکی زۆر هەیە بـــۆ رزگار بـــوون بۆیە دەمەوێ روو لـــە دوورگەیەك بکەم ودوور بکەومەوە تاکو جیابوونەوەم لە هاوسەرەکەم زیاتر کارم تێ نـــەکات و جارێکی تر روو لە کهول نەکەمەوە.



## جنیڤەردەبێتە باڵیۆزی لۆریال

کۆمپانیـــای (لۆریال پاریس)ی پیشـــەنگ لـــە کەلوپەلی جوانکاری رایگەیاند کە جنیڤەر لۆپێزی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی ببێت بە باڵیۆزی نوێی لە جیهان، لەم بارەیەوە سیریل شابۆی بەرپرس لە کۆمپانیای ناوبراو لە بەیاننامەیەکدا گوتی: ئێمە لە جنێڤەر بە پەرۆشـــترین بۆ ئەم هاوکارییە، چونکە جنێڤەر چەندیـــن بەهرەی جیاجیای تێدایە کە شـــایەنی ئەوەیە ببێت بـــە باڵیۆزی ئێمە، هەروەها ئافرەتان لە سەرتاســـەری جیهان سەرســـامن بە جنێڤـــەر و نەك تەنیا بـــە جوانیەکەی، بەڵکو بەو کەســـایەتییە کارێزمایەی کە هەیەتـــی و پابەندبوونی بە بەڵێنەکانی لە هەمان کاتدا نموونەی جوانییە.

لەلایـــەن خۆیەوە جنێڤـــەر گوتی: من بـــە درێژایی تەمەنم بەرهەمەکانی لۆریالم بەکارهێناوە و زۆریش خۆشـــحاڵم بە کار کردنی راستەوخۆ لەگەڵیان.

## کاروان خەریکی بەرهەمێکی نوێیە



هونەرمەندی لاو کاروان کامل سەرقاڵی کار کردنە لە بەرهەمێکی نوێی گۆرانی کە لە چەند تراکێك پێکهاتووە.
لەم بارەیەوە هونەرمەند کاروان کامل لە لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری گوڵان وتی: ئێستا خەریکی کار کردنم لە بەرهەمێکی نوێی گۆرانی کە لە 12 تراك پێکهاتووە و بەشێکی زۆری کارەکانم تەواو کردووە، کاروان کامل لە درێژەی لێدوانەکەیدا وتی: دوو لە گۆرانیەکانی ئەم بەرهەمە بە زاراوەی سۆرانییە و سەرەتای بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکە کە لە مانگی نەورۆزدا تەواو دەبێت، گۆرانییەك کلیپ دەکات دواتریش بە نیازە دوو گۆرانی دیکەی ئەم بەرهەمە کلیپ بکات.



## عەبدولقەهار و دوو کلیپی نوێ

**هونەرمەندی عەبدولقەهار زاخۆیی خەریکی کلیپ کردنی دوو گۆرانییە، لەم بارەیەوە زاخۆیی بە گولانی راگەیاند یەکێك لەم گۆرانیانە بە ناوی (عاشقێ تەمە) کە یەکێکە لە گۆرانیەکانی بەرهەمی ساڵی 2009 و ئەوی تریشیان هی بەرهەمە نوێیەکەیەتی، شیاوی گوتنە هونەرمەند لە ساڵی رابردوودا لە هەنگاوی دوو بەرهەمی لە یەك کاتدا بڵاو کردەوە.**



## ستایسی بوو بە شای دارستان

کچە گۆرانیبێژی بەریتانی ستایسی سۆلۆمۆن خەڵاتی (شای دارستان)ی بەدەستهێنا، لەم بارەیەوە رۆژنامەی میرۆر رایگەیاند ستایسی توانی سەربکەوێ بەسەر گۆرانیبێژ شۆن رایدەر کە یەکێك بوو لە رکابەرە بەهێزەکانی و سەرکەوتنەکەشی بەشێوەیەکی پێوانەیی بوو بەجۆرێك خۆیشی لەو باوەڕە نەبوو ئەم سەرکەوتنە بە دەست بهێنێت، ستایسی دوای بە دەستهێنانی نازناوی شای دارستان وتی: لە دڵەوە سوپاسی هەموو لایەك دەکەم و نازانم چۆن سوپاسی جەماوەرەکەم بکەم.



## غادە خۆی بە شایەنی هەموو شتێک دادەنێت

خانمە هونەرمەندی میسری غادە عەبدولرازق رایگەیاند کەوا دوای 16 ساڵ لە کاری هونەری ئێستا شایەنی ئەوەیە پێی بڵێن (ئەستێرە)، غادە هەروەها دەربارەی ئەو هونەرمەندانەی رکابەرێتی دەکەن گوتی: هەر هونەرمەندێك کە کارەکەی خۆی خۆشبوێت و خۆی ماندوو بکات بێگومان رکابەرێتی من دەکات.
سەبارەت بە زنجیرەی (زوهرە و ازوجها الخمسە) و جیاوازی لەگەڵ زنجیرەی ( حاج متوەلی ) گوتی: جگە لە مشتومڕەی دەربارەی کراوە جیاوازییەکی زۆریان هەیە بەتایبەتی ئەگەر بزانین پیاو بۆی هەیە چوار ژنی هەبێت لە یەك کاتدا، بەڵام لە زوهرە شتێکی زۆر جیاوازمان بینی کاتێك ئافرەتێك لە یەك کاتدا چوار مێردی هەبوو.




www.gulan-media.com/art
بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی: بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504494920 huneri@gulan-media.com

